# خێڵی حەمە .. قسەیەك لە غەیبانیەت

زیرەك عەبدوڵلا

" تۆ خەتەری.. بە ئەمری خودا دەتكوژم"

غەیبانیەت جۆرێكی تایبەتی بیركردنەوەی مرۆڤە, لە زەمەنێك لە زەمەنەكانی مێژووی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە, مەبەست لێیەوە مانا بەخشینە بەو دیاردە و ڕووداوانەی كەوا لە واقیعی مرۆڤایەتیدا ئامادەییان هەیە یا دەبێت.
بیركردنەوەی غەیبانی سەرەتا لە قۆناغە بەراییەكانی بیركردنەوەی مرۆیی "بیركردنەوەی ئەفسانەیی" سەریهەڵداوە, ئینجا درێژەی بەخۆیداوە و چۆتە ناو بیركردنەوەی ئاینی, بیركردنەوە و مەعریفەی غەیبانی بۆتە پایەیەك لە پایەكان, خاسیەتێك لە خاسیەتەكانی بیركردنەوە و مەعریفەی ئاینی. ئاین بەهۆی غەیبەوە بەردەوامی بە لۆژیكی خۆیداوە.
لۆژیكی غەیبانیەت وا بڵاو دەكاتەوە ڕوودانی هەر ڕووداوێك, یا هاتنە ئارای هەر شتێك لەنێو واقیعی ژیاری كۆمەڵایەتیدا, لە هەر شوێنكاتێك و لە ڕێگای هەر دیاردەیەك, ئەوا پەیوەستە بەفەرمانی هێزی نادیارێك, ئەویش هێزی ڕەهایە بە چەمكە هیگڵیەكەی.
لۆژیكی غەیبانیەت دەڵێت دروستبوونی هەر دیاردە و ڕووداوێك لەسەر زەوی سەرەتا لەلایەن هێزی ڕەها سنووری بۆ كێشراوە و حوكمی لەسەردراوە, ئینجا لەنێویدا بەرجەستەكراوە.
لۆژیكی غەیبانیەت لە سروشتی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ حوكمدانێكی پێشینەیە سەبارەت بە ڕابردوو, مەبەست لەبارەی ڕابردوو حوكمدانێكی پێشینەیی ڕەها و بڕاوەی هەیە, بەو مانایە تا شتێك ڕوونەدات, دیاردەیەك دروست نەبێت, پێكهاتێك گۆڕانی بەسەردا نەیەت, "بەكورتی تا گۆڕانكاریەك بەرجەستە نەبێت", ئەوا حوكمی غەیبانی ئامادەیی نابێت, كە ئامادەش بوو ئیدی ئامادەییەكی پێشینەیی یەكلاكەرەوەی ڕەهای هەیە, و هیچ حوكمێك لە دەرەوەی خۆیدا قبوڵ ناكات.
قسەكردنی غەیبانیەت قسەكردنە لە ڕابردوو, غەیبانیەت ناتوانێت قسە لە ئێستا بكات, ناتوانێت قسە لە داهاتوو بكات, بەوێنەیەكیتر ناتوانێت پێشبینی ڕوودانی دیاردە و ڕووداوەكانی ئێستا و داهاتوو بكات, ئێستا و داهاتوو كاتێك دەبنە بابەتی غەیبانیەت كە ئێستایی خۆیان دابێتە داهاتوو, واتا ئێستایی خۆیان دۆڕاندبێت و ببن بە كاتێكی لە دەستچوو و تێپەڕ.
بەشێوەیەكیتر غەیبانیەت لە ئێستادا ناتوانێت قسە لە ئێستا بكات, بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێت قسە لە ئێستا بكات, لە ئەمڕۆدا ناتوانێت قسە لە ئەمڕۆ بكات, بەڵام سبەینێ دەتوانێت قسە لە ئەمڕۆ بكات, بەو مانایە لە داهاتوودا دەتوانێت ئێستا بكاتە بابەتی قسەكردنی خۆی, ئێستا و ڕووداو و دیاردەكانی بەو شكلە شرۆڤە بكات و بەو وێنەیە پەخش بكات كە وابەستەی بە گەورە پێشاندانی لۆژیكی خۆی بێت.
لە تێڕوانینی منەوە یەكێك لە كێشە هەرە گەورەكانی لۆژیكی غەیبانیەت ئێستایە, چونكە لە ئێستادا هەم دەتوانێت حوكمی غەیبی, و هەمیش ناغەیبی بەسەر دیاردە و ڕووداوەكان بدەین. لە ئێستادا چۆن دەكرێت دیاردە و ڕووداوەكان وەكو غەیب تەماشا بكەین, ئاواش دەكرێت وەكو ناغەیب تەماشا بكەین.
لە ئێستادا كاتێك بە چاوێكی غەیبانی سەیری ڕووداوەكان دەكەین و دەیانخوێنینەوە, ئەوا غەیبانیەت بەرهەم دەهێنینەوە, كاتێكیش بە چاوی ئێستایی سەیری ڕووداوەكان دەكەین و دەیانخوێنینەوە, ئەوا غەیبانیەت هەڵدەوەشێنینەوە, بەمانایەكیتر كاتێك بە نیگایەكی غەیبانی دەڕوانینە ڕووداوەكانی ئێستا, ئەوا دەگەڕێین بەدوای حوكمەكانی ئاسمان, هەوڵدەدەین لە بەرامبەریان دەستەو ئەژنۆ بەبێ هیچ كردەوەیەك و هیچ قسەیەك بوەستین, بەسادەیی باوەڕی پێبكەین و سەری ڕازیبوون بلەقێنین, بەمەش هەوڵدەدەین مرۆڤ لە كارەكتەرێكی زیندوو و چالاكی نێو ڕووداوەكان دوور بخەینەوە, و هیچ ڕۆڵێكی پێنەبەخشین, كاتێكیش بە نیگایەكی ئێستایی دەڕوانینە

ڕووداوەکانی ئێستا، ئەوا دەگەڕێین بەدوای حوکمەکانی زەوی، هەوڵدەدەین بۆ هەر ڕووداوێك قسە و لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆمان هەبێت، بە سادەییش باوەڕ بەهەر ڕاڤەکردنێك نەکەین، بەمەش هەوڵدەدەین مرۆڤ وەکو کارەکتەرێکی زیندوو و چالاك بەرپرس بکەین لە ڕوودانی ڕووداوەکانی ژیان، و ڕۆڵی پێببەخشین.
کەواتە لە ئێستادا لۆژیکی غەیبانیەت و حوکمەکانی لەبەردەم دوو ئەگەر و دوو ڕیاندایە، ئەوانیش یا مانەوە و پتەوبوون، یانیش سڕینەوە و بەتاڵبوون، لۆژیکی غەیبانیەت و حوکمەکانی کاتێك بەتاڵدەبێتەوە و نامێنێت ئەگەر ئێستا بە ئێستایی خۆی لێکبدرێتەوە و پێشان بدرێت، کە ئەمەش کرا ئەوا ئیدی ئێستا لۆژیکی غەیبانیەت و حوکمەکانی قبوڵناکات، بەمەش حوکمی غەیبانی نامۆ و غەریب دەبێت بە جەستەی ئێستا، بەڵام ئەگەر ئێستا بە غەیبانیەتەوە ببەسترێتەوە و ئەو باوەڕە ئامادە بێت کە پێیوایە کۆی ڕووداو و دیاردەکانی نێو واقیع لە غەیبەوە ئامادەکراوە، بەبێ ئەوەی مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لە بەڕووداوکردنیان هەبێت، ئەوا لۆژیکی غەیبانیەت حوکمی بەهێز و پتەوتر دەبێت، بەمەش حوکمی غەیبانی دەخێوێتە جەستەی کۆی ئەو شتانەی لە ئێستادا ڕوودەدات.
ئاشکرایە ئایدیای غەیبانیەت ئەو خەندەقە فکری و مەعریفی و فەلسەفیە هەڵیگرتووە و خۆی پێبارگاوی کردووە کە پێیوایە ڕۆح و جەستە لە غەیبەوە بە ئەمری نادیارێك یەکیان گرتووە و مرۆڤیان پێکهێناوە، هەر لە غەیبیشەوە و بە ئەمری هەمان نادیار لە یەکتری جیادەبنەوە و هەیکەلی مرۆڤ هەڵدەوەشێننەوە. وەکو ئاماژەمان بۆ کرد هەڵگری ئایدیای غەیبانی وابلاو دەکاتەوە کە ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەك لەنێو بووندا سەرەتا "بێ چەند و چۆن" پەیوەستە بە ئەمری نادیاری هێزی ڕەها، ئێنجا لەلایەن "کەسە پەیوەستدارەکانەوە" لەسەر زەوی بەرجەستە دەکرێت، ئەو دەڵێت لە دەرچوونی بڕیاری سەپێنراودا نە ئاگادارە و نە شوێنێکیشی هەیە بۆ قسەکردن، ڕۆڵی ئەو پەریزادە ئاسا تەنها پراکتیزەکردنی بڕیارەکانە و هیچیتر، بەمەش پەیوەندیەکی تۆکمە و پتەو لەنێوان خۆی و خوداوەند بۆ ئەوانیتر وێنا دەکات، بەجۆرێك ئەو ئیدی سێبەری خودایە لەسەر زەوی، خوداوەند بۆیە ئەوی لەسەر زەوی داناوە و هێزی پێبەخشیوە تاوەکو بڕیار و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ بکات، و نەهێڵێت کەس لە فەرمایشتەکانی دەربچێت، کەسی غەیبانی بۆیە لە هەوڵی وێناکردنی ئەو پەیوندیە تۆکمە تۆڕئاسایە دایە، تاوەکو لە ڕێگایەوە ڕەوایەتی بداتە ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی، هەروەها ڕەوایەتی بداتە ئەو هێزەش کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی دامەزراوە و پێکهاتە دونیایەکان دەبێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی ڕەوایەتیدانە بە کۆی ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەیکات.
کاتێك کەسی غەیبانی کردەیەك بکات، خۆی لە ئاستی بەرپرسیار نەکات و بیگێڕێتەوە بۆ ئەمری خوداوەند، ئەوا ئەگەری کردنی هەر کردەیەك و هەر جوولەیەك ئاسان دەبێت و ڕەوایەتیەك وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر هێزی هەبێت و ئەتمۆسفێریش لەبار بێت.
کەسی غەیبانی لەو کاتەی مرۆڤێك دەکوژێت، یا دەستەیەك و گروپێك دەسڕێتەوە، لەگەڵیشیدا وا پێشاندەدات ئەوە بەپێی بڕیارێکی غەیبانی بەڕێوەچووە، ئەو لێی بەرپرسیار نییە و دەبوایە ئەو کارە بکرابوایە، ئەوا هەوڵدەدات بەهانە بۆ خراپەکاریەکانی بهێنێتەوە و بیهاوێتە ئەستۆی فەرمانی هێزی ڕەهاوە، ئینجا هەر بەوەندەش ناوەستێت هەوڵدەدات وا بلاو بکاتەوە کە هێزی خراپەکاری خۆیشی لە خودی خوداوەندەوە بۆی ڕەوانکراوە "ئەوەی ڕاستی ئەم قسەیە مسۆگەر دەکات ڕووداوەکانی خێلی حەمە و هاوشێوەکانیەتی".
بە بۆچوونی من کەسی غەیبانی کاتێك کەسێك دەکوژێت و دەڵێت "دەبوایە ئەو کارە بکرابووایە"، ئەوا جگە لەوەی دەخوازێت فێل لە خۆی و ئەوەی کوشتوویەتی و کۆمەڵگا بکات، ئەوا فێل لە خودی خوداوەندیش دەکات، جگە لەوەی دەخوازێت ناهەقی بەرامبەر بەخۆی و کەسی کوژراو و کۆمەڵگا بکات، ئەوا ناهەقی بەرامبەر خوداوەندیش دەکات، ئەو جگە لەوەی مرۆڤێك دەکوژێت و لە ژیان دەیسڕێتەوە و بێبەشی دەکات، جگە لەوەی هەوڵدەدات توندوتیژی لە

بەرامبەر کۆمەڵگا پەیڕەو بکات و بەقەڵەمڕەوییەکانی خۆی ڕازی بکات, یا بەشێوەیەك لە شێوەکان مۆنۆپۆلی بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, ئەوا ناهەقی بەرامبەر خوداوەندیش دەکات, چونکە وا پێشاندەدات ئەمە داوای ئەوە, بەڵام خوداوەند هێندەی مرۆڤی خۆش دەوێت ڕقی لێنابێتەوە, هێندەی مرۆڤی لاپەسەندە و گرنگی پێداوە, ئەوەندە هیچ بوونەوەرێکیتری لاپەسەند نییە و گرنگی پێنەداوە.
تێکستە ئاینیە ئاسمانیەکان و مێژووی ئاینیش لەگەڵیدا لە ڕیوایەتکردنی خۆیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن, کاتێك خوداوەند مرۆڤی دروستکرد, داوای لە گشت پەریزادە و فریشتەکان کردووە کڕنۆشی بۆ ببەن و لە بەرامبەریدا سەر دابنوێنن, باشە خۆ ئەمە هێندەی ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خوداوەند بۆ مرۆڤ, هیچیتر نییە, ئەمە هێندەی خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خوداوەند بۆ مرۆڤ نمایش دەکات, هیچیتر نمایش ناکات.
کەسی غەیبانی دەڵێت ئەو مرۆڤە هەڕەشەیە بۆ سەر خوداوەند, بۆیە دەیکوژم و لە ناوی دەبەم, بەڵام ئایا خوداوەند لەبەردەم خەتەری هیچ بوونەوەرێکدایە؟ ئایا هیچ بوونەورێك دەتوانێت زەفەری پێببات, تاوەکو دواجار ئەویش داوا لە سێبەرەکانی بکات ئەو مرۆڤەی بۆ بکوژن, یا لە ناوی ببەن و لەسەر زەوی بیسڕنەوە؟.
کاتێك هێزی ڕەها بتوانێت گەردوون و هەموو ماتریال و پێکهاتە جیاجیاکانی دروست بکات و ڕێکیان بخات, چەندایەتی و چۆنایەتیان پێببەخشێت "کە ئەمە بۆ خۆی فەلسەفە و جیهانبینی غەیبانیەکانە", ئایا پێویستی بەوە دەبێت داوا لە مرۆڤێك, یا دەستەیەك و گرووپێك بکات کە مرۆڤێك یا دەستەیەك و گرووپێکیتر بکوژێت و لە ناوی ببات؟ کاتێك لێکجیاکردنەوەی ڕۆح و جەستە بە ئەمری خوداوەند بێت, ئایا پێویستی بەوە دەبێت سێبەرەکانی ئەمە بکەن؟ هێزی ڕەها وەکو ئەوەی لە ئایەتەکانی ناو ئاخیرەمین تێکستی نێردراودا ئاماژەی پێدەدات, حیساباتی لەگەڵ مرۆڤەکان لە شوێنکاتیکیتردایە, نەوەکو دونیا, ڕێك ئالێرەدا تێدەگەین یەکتر کوشتنی ئینسانەکان پەیوەندی بەململانێ و بەرژەوندەیە تایبەتیەکانی خۆیانەوە هەیە لەسەر زەوی, نەوەکو ململانێیەکی دوو جەمسەری لەنێوان خوداوەند و مرۆڤ, یا ئاسمان و زەوی, وەکو ئەوەی هەڵگرانی ئایدیای غەیبانی ئیشی بۆ دەکەن.
کەسی غەیبانی دەڵێت مردنی مرۆڤ لە شوێنکاتە جیاجیاکاندا پەیوەستە بە غەیب و کەس نایزانێت ئەگەر لە ڕێگای هەر شتێکەوە بێت, کەس پەی بەزەمەنی مردنی مرۆڤ نابات و ناتوانێت چرکە ساتەکانی دیاری بکات, ئەمە تاکە بیرۆکە و تاکە بڕیار و قسەی پێشینەیەتی و لە هەموو شوێنکاتێك و موناسەبەیەکدا دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە.
ئەگەر پڕۆسەی کوشتن وەکو جۆرێك لە جۆرەکان, یا ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مردنی مرۆڤ وەربگرین, ئایا ئەو حوکمەی کەسی غەیبانی تاچەند ڕاست دەبێت؟ لە کوێدا لەگەڵ حوکمی نادیاری غەیب یەکدەگرێتەوە؟ لەکاتێکدا کە دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس پەی پێنابات!.
پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە باشتر وایە قسەیەکی کورت لەسەر هەردووانەی "مردن- کوشتن" وەکو دوو پڕۆسەی ئامادەیی نێو بوون بۆ نەمان و ڕەشکردنەوەی جەستەی مرۆڤ بکەین, لەگەڵیشیدا بەراووردێك لەنێوانیان بکەین، واتا جیاوازی و لێکچوونەکانیان دیار بکەین.
مردن کردەیەکی سروشتیە و پەیوەستە بە خوداوەند, کوشتن پڕۆسەیەکی مرۆڤ کردە و پەیوەستە بە مرۆڤ. مردنی ڕووت و بێ لێدان مردنێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەویدا ڕوودەدات, حاڵەتێکی سروشتی لە خۆ دەگرێت, کوشتن و لێدان نەهێشتن و لەناوبردنی جەستەیە بۆ ڕەتکردنەوەی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی ڕوو دەدات, ئەمەش بارێکی ناسروشتیە, هەر چەندە کوشتن کردەیەکی مرۆڤکردە و مردنیش کردەیەکی سروشتی, بەڵام دەرەنجامی هەر دووانەیان هەر نەمان و سڕینەوەی مرۆڤە لەنێو بووندا, کەواتە کوشتن و مردن لەوێدا یەکدەگرنەوە کە لە پشت هەر دووانەیان مرۆڤ لەنێو واقیعی ژیاندا وەکو بوێکی زیندوو و ئەکتیڤ بوونی خۆی لە دەست دەدات و نامێنێت, مردن و کوشتنی مرۆڤ هەر دووانەیان دوو پڕۆسەی لێکجیاکردنەوەی ڕۆحن لە جەستە, بەڵام ئەوەی کوشتن

لە مردن جیادەکاتەوە ئەوەیە کوشتن هەندێکجار لێکجیاکردنەوەی پارچە و ئەندامە بەشە جەستەییەکانە لە یەکتری..
مردن لە هەر شوێنکاتێکدا بێت, ئەوا ئەمرەکەی نادیارە و لوغزێکی تێدا هەیە, بەڵام کوشتن ئەمرەکەی دیارە و لە ڕێگای کەناڵی جیاجیاوە بەئەنجام دەگەیەنرێت, کوشتن پلانێکی ڕێکخراو و داڕێژراوی هەیە, کەس و چەك و ماددە و شوێنکاتی دیاریکراویشی هەیە, بە بۆچوونی من لە ڕێگای مردنەوە ناتوانین لە دەرگای زانینی ماڵی غەیب و بڕیارەکانی بدەین, بەڵام لە ڕێگای کوشتنەوە دەتوانین ئەمە بکەین.
لەبەرئەوەی بڕیاری غەیب و مردنی مرۆڤ نەمانی جەستەیە, کوشتنی مرۆڤیش بە هەمان شێوە نەمانی جەستەیە, کاتێك نەمانی مرۆڤ لەلایەن کەسی غەیبانیەوە دەبێتە حوکمی نادیار, ئەوا ئێمە لە ڕێگای کوشتنەوە دەتوانین لە دەرگای ماڵی غەیب بدەین و بڕیارەکانی ئاشکرا بکەین.
ئەگەر ڕووداوی خێڵی حەمە و ساتی کوشتن و سەربڕینی مرۆڤەکان "پێشمەرگەکان" لەوێناندنێکی هەنووکەیدا بهێنینە بەرچاو, لە جیاتی شوێنکاتە جیاجیاکان دەستەواژەی سەرەوە دابنێین, ئایا ڕاستی ئەم قسەیە بەتاڵ و پوچ نابێتەوە, کاتێك دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس نایزانێت؟ خۆ لەساتە چەند کورتەکەی پێش سەربڕین, کەسی سەربڕاو زانی ئەوە چیدی دواهەمین ساتەکانی ژیانیەتی, ئیدی تەواو نامێنێت, ئەوەی چەند کەسێکی لەپێش چاو سەربڕا و دەزانێت پاش دەمێکیتر سەرەی ئەویش دێت بۆ سەربڕین, ئیدی زانی ساتی هاتنی بڕیارەکانی بەنێو غەیب لە ئێستادا ڕوون و لەبەرچاوە, ئەوەی لەم چەند ساتانەدا زانی دەمرێت, ئەوا مرد, ئەوەی زانی پاش کەمێکیتر سەردەبڕێت و بۆ ئەبەد ژیان نابینێتەوە, ئەوا سەربڕا و ژیانی نەبینیەوە, ئەوەی پێشبینیکرد دوای چەند ڕۆژێکیتر دەبێتە بابەتی سەر زاری خەڵك و ڕاگەیاندن و پێی دەڵێن شەهید, ئەوا پێشبینیەکەی ڕاست دەرچوو, کەواتە هەندێکجار مرۆڤ پەی بە بڕیارەکانی غەیب دەبات و ساتی مردنی دەزانێت, بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ دەستی لە دروستکردنی ئەو پڕۆسانە هەبێت کە داوجار لە پشتیانەوە بڕیاری غەیبی دەردەچن و بە چاوێکی غەیبیش نیگای دەکەن.
لە خێڵی حەمەدا ئەگەر پەی بردن بە نهێنیەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕاوەوە لە کاتی سەربڕینەکە بێت, ئەوا لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە لە زەمەنی پێش ئەوەدایە, واتا ئەوانەی لەم پرۆسەیەدا سیفەت و کارکردەی لێکردنەوە و لێکجیاکردنەوەی کەللەی سەر لە جەستەی سەربڕاوی کەوتۆتە ئەستۆ, زووتر دەزانێت کە ئێستا یا پاش چەند ساتێکیتر کەسی بەرامبەر بە مەبەستی لەناوبردن و نەهێشتنی سەردەبڕێت و ئەتکی دەکات, کەواتە ئەوەی پێی دەڵێن غەیب و بڕیارەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕکاری ئەم ڕووداوە, زووتر پەی پێدەبرێت و دەزانرێت, چونکە خۆی فیگەرێکی چالاك و بەرچاوی بەئەنجام گەیاندنی پڕۆسەکەیە.
غەیب کاتێك غەیبە کەس لە هاتنیدا ئاگادار نەبێت و کەسیش دەستکاری قەدەرەکان و ستایلەکانی هاتنی نەکات, بەڵام کاتێك مرۆڤ ئامادەیە بۆ بەغەیبکردنی ڕووداوێك, ئەوا غەیب غەیب بوونی خۆی لە دەست دەدات دەبێتە کردەیەکی زانراو, غەیب دەچێتە نێو گەمە سیاسیە مرۆڤکردەکان.
مادام لە ئێستادا یەکێك هەیە بتوانێت فەرمانی غەیب وەکو کردەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو پڕاکتیزە بکات, کەواتە یەکێك هەیە بتوانێت دەستکاری لە چۆنیەتی هاتنەئارا و ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بکات, کە دواجار بەحوکمی ڕەهای نادیارەوە بەستراوەتەوە.
بەئەنجام گەیاندن و نەگەیاندنی ئەم کردەوەیە لە ئێستادا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حوکمە غەیبیەکەی داهاتوو چی دەبێت و چۆن لە بارەیەوە دەدوێت, کردن و نەکردنی لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە دەستکاریکردنی بڕیاری غەیبی داهاتووە, بەکردنی غەیب بەجۆرێك ئامادەیە و بەنەکردنیش جۆرێکیتر, بەڵام کردن و نەکردنی لە ئێستادا وەکو وتمان

بیرۆکەی غەیب بوونی شتەکان "بەتایبەتی کوشتن" پوچەڵ دەکاتەوە, چونکە کەسی پراکتیزەکار لەیەککاتدا هەم دەتوانێت ئەمە بکات و هەمیش دەتوانێت نەیکات.

بەکورتی قسەکردن لە ئێستایی بوونی ڕووداوەکان حوکمە نادیارەکانی غەیب ڕەفز و بەتاڵ دەکاتەوە, باوەڕهێنان بەوەی کوشتنی ئینسانەکان لە ئێستادا پەیوەستە بە حوکمی نادیاری غەیب, پەیوەستە بە حوکمی خوداوەند لە ئاسماندا, ئەوە قسەیەکی پوچ و بێبناغەیە و لە هەمانکاتیشدا باوەڕهێنانێکی نالۆژیکی و ناعەقڵانییە. خێڵی حەمەش دوور و نزیك پەیوەندی بە غەیب و بڕیارەکانی غەیبەوە نییە, پەیوەندی بە خوداوەند و ویستەکانیەوە نییە, جگە لە ڕووداوێکی سیاسی و سەربازی نەخشە بۆ دارێژراوی مرۆڤ.

ئۆکتۆبەری 2002